ئەدەب و کولتوور
ڕووداو

# نووسەرێکی کورد لە ئیتاڵیا خەڵات دەکرێ

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

بەهرۆز بوچانی، نووسەر و رۆژنامەنووسی رۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵاتی ئانا پۆلیتکۆڤسکایای ئیتاڵی پێبەخشرا. خەڵاتەکە لەلایەن گۆڤاری (ئینتەرناسیۆناڵێ)ی ئیتاڵییەوە پێشکەش بەو رۆژنامەنووسانە دەکرێ کە لە بواری رۆژنامەنووسی و راپۆرتی شیکاریدا کاردەکەن.


نووسەرە کوردەکە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا یاداشتی رۆژانەی لەبارەی ئەزموونی ژیانی کۆچبەران و نەهامەتییەکانی دەستبەسەربوون لە دوورگەیەک بۆ رۆژنامەی (گاردیەن)ی ئوسترالی نووسیوە، جیا لەمە فیلمێکی دۆکیۆمێنتاریشی لە هەموو ئەو گرتە ڤیدیۆییانە دروستکردووە کە بە نهێنی لە دوورگەی مانۆس و شوێنی مانەوەی کۆچبەران هەڵیگرتوون.

بوچانی لە ساڵی 2013 وە لە دوورگەی مانۆس دەستبەسەرە، دوای ئەوەی حکومەتی ئوسترالیا بڕیاری دا کە هیچ کۆچبەرێک وەرناگرێ بە بەلەم رووی لەو وڵاتە کردبێ.

بەهرۆز بوچانی، تەمەن 35 ساڵ و لەدایکبووی ئیلام، لە مەراسیمی راگەیاندنی خەڵاتەکەدا ئامادە نەبوو، بەڵام لە دوورگەی مانۆسەوە بە رۆژنامەی (گاردیەن)ی ئوسترالی راگەیاند: "ئەم خەڵاتە نێودەوڵەتییە دەیسەلمێنێ کە ئەوەی حکومەتی ئوسترالیا لە دوورگەی مانۆس و ناورو کردوویەتی، کێشەیەکی جیهانییە".

کۆمیتەی بەخشینی خەڵاتەکە لە بەیاننامەیەکدا ستایشی رۆڵی بەهرۆزیان کرد، لەبەرئەوەی "سوورە لەسەر ئیدانەکردنی راستییەک کە بە ئەنقەست هەوڵدەدرێ پەردەپۆش بکرێ".

بوچانی ساڵی رابردوو خەڵاتی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی) وەرگرت، مانگی تەمووزی ئەمساڵیش کۆمەڵە یادداشتەکانی خۆی بلاوکردەوە لەژێر ناوی (هیچ هاوڕێیەک، جگە لە شاخەکان).





# فۆتۆی فۆتۆگرافەرێکی کورد لە ئەمریکا خەڵات دەکرێ

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ئینستیتیوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە واشنتن فۆتۆگرافەرێکی کوردی نیشتەجێی ئەڵمانیا خەڵات دەکات.

دوای ئەوەی ئینستیتیوتی ناوبراو پێشبڕکێیەکی لە بواری فۆتۆگرافی راگەیاند، رەوەند جەواد، فۆتۆگرافەری کورد، بە چوار فۆتۆ کە گوزارشت بوون لە ژیانی ئاوارە ئێزدیەکانی شەنگال لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان، بەشداری کرد.

رەوەند جەواد بە (رووداو)ی گوت کە ئینستیتیوتی ناوبراو پێش دوو رۆژ بە ئیمەیلێک پیرۆزبایی بردنەوەی خەڵاتی سێیەمیان لەو پێشبڕکێیە بۆ ناردووە.


گوتیشی: "ئەوان داوەتی ئەمریکایان کردووم بۆ مانگی نۆڤەمبەری داهاتوو کە لە ئیڤێنتێکدا لە حەوتی نۆڤەمبەر فۆتۆکان نیشان دەدرێن و خەڵاتەکان دابەش دەکرێن".

رەوەند جەواد ساڵی 1986 لە هەولێر لەدایک بووە و تا ئێستا حەوت پێشانگای تەنیا لە ئەڵمانیا کردووەتەوە. وا بڕیارە هەفتەی داهاتووش گەورەترین پێشانگای بکرێتەوە لە فێستیڤاڵی کولتووریی ناوچەی ڤایکەسهایم لە ئەڵمانیا.

ڕەوەند سەرەتا ڕۆژنامەوانی هونەری بووە و دواتر لە 2009 دەستی بە کاری فۆتۆگرافی کردووە.

# شنە نووری

# مانگا تەنیاکەی چاپکرد




■ ئا: شکار ئەحمەد

شنە نووری، یەکەم کتێبی شیعری بە ناونیشانی "من مانگایەکی تەنیام" بلاوکردەوە.


شنە نووری لەبارەی کتێبەکەیەوە کە شێرزاد حەسەن پێشەکی بۆ نووسیوە، بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی گوت: "من مانگایەکی تەنیام، زۆربەی ئەو شیعرانە لەخۆ دەگرێ کە لەو چوار ساڵەی دواییدا نووسیومن. شیعرەکان هەموو بریتین لە ئاتمۆسفێری خۆم و بەشێکن لە باکگراوندی ژیانم".

شنە دەشڵێت: "تیراژی کتێبەکە هەزار دانەیە و 165 لاپەڕەیە. مامۆستا شێرزاد حەسەن یاداشتێکی لەسەر نووسیوە و بە ویستی خۆی لە کتێبەکەدا وەک پێشەکی دامناوە".

ئەو کچە شاعیرە هەر بە مانگا تەنیاکەوە ناوەستێ و بەرهەمی دیکەشی بەڕێوەن. شنە گوتی "چەند کتێبێکی دیکەشم هەن و ئامادەی چاپن، تەنیا ئەوەی ماوە کە پێداچوونەوەی کۆتاییان بۆ بکەم و دیزاین بکرێن، لەوانەش (کۆمەڵە چیرۆکێکی جەمال میرسادقی، سلوولی هەژدەی دەروێشیان، کتێبێکی سافو، کتێبێکی نووسەری ئەڵمانی بۆرشێرت)".

شنە نووری لەبارەی خۆشیەوە دەڵێت: "شنە بۆ ئەوە خولقاوە شاعیر بێت، بە کەڵکی هیچ پیشەیەکی دیکە نایەت، ئەگەر بۆن و بەرامە و رەنگ و تامی شیعر نەبەخشێت. من خاوەن فەزا و فەرهەنگی زمان و ریتم و هارمۆنیای خۆمم".

# کتێبی "کوردی یارسان" دەکرێتە کوردی




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبی "کوردی یارسان.. دیرۆک و میتۆلۆژی" کە بە زمانی فەرەنسی نووسراوە، دەکرێتە کوردی و لەلایەن وەشانخانەی ئاڤێستا لە ئیستانبوڵ چاپ و بلاودەکرێتەوە.

ئەم کتێبە کە لە 464 لاپەڕە پێکهاتووە، لەلایەن لێکۆڵەر شەهاب ڤالی بە فەرەنسی نووسراوە، سەڤدا ئوراک رەشیدئۆغلو وەریگێڕاوەتە سەر شێوەزاری کرمانجیی باکوور.

شەهاب ڤالی، لە پێشەکی چاپە کوردییەکەی کتێبی (کوردی یارسان.. دیرۆک و میتۆلۆژی) دەڵێت: "سەرچاوەکان کە زۆربەیان دەستنووسن و چاپ نەکراون، ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە پێکدێنن، کۆکردنەوەی ئەم سەرچاوانە لە ساڵی 1988 لە هەرێمی گۆران دەستیپێکردووە و زیاتر لە 20 ساڵی خایاندووە".

شەهاب ڤالی هەروەها دەڵێت: "ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە من لەسەر کوردی یارسان (ئەهلی حەق) کردوومن، لە ساڵی 2011 بە فەرەنسی وەکو پەرتووک چاپکراوە. دەکرێ ئەم پەرتووکە ببێتە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی لە بارەی کوردی یارسانەوە".

ئەم بەرهەمە بە کوردییەکەی جیاوازە لە کۆپییە فەرەنسییەکەی، چونکە پەیامی چاپە کوردییەکەی روو لە کوردە، بۆیە وەرگێڕ ئەو بەشە فەرەنسییەی کە بۆ خوێنەری کورد بە گرنگی نەزانیوە، دەریهێناوە و بەشی دیکەی بۆ زیاد کردووە.



## نامە ئەکادیمییەکان

# "بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا"

هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

بیرکردنەوە لە پرۆژەی نووسین لەبارەی نامە ئەکادیمییەکانەوە چەندین هۆکاری هەیە، لە هەمووی گرنگتر هۆکاری ئەو دابڕانەیە کە لەنێوان ئەکادیمیاو واقیعی گشتیدا هەیە، ئەوەی لە دنیای دەرەوەو واقیعدا دەگوزەرێت یان نابێتە جێی پرسیار و بەدواداچوون بۆ ئەکادیمیا، یان بشبێت هیچمان پێناڵێت، یاخود گەر شتێکیشی بۆ گوتن پێبێت، دەرەوە ئامادە نییە گوێی لێبگرێت؛ بە ڕوونیش دیارە کە دەنگەکە ناگاتە دەرەوە. ئەم دابڕانە [لەنێو زانکۆکان خۆشیان دەبینرێت، بۆ نموونە زانکۆی سەلاحەدین ئاگای لە زانکۆی سلێمانی نییە و بەپێچەوانەشەوە] هۆکار و پاساوێکی شیاوە بۆ ئەوەی لە پنتێکی بچوکیشەوە بێت، کار بۆ دروستکردنی پرد بکەین. دیارە بە سوپاسەوە هەفتەنامەی (ڕووداو) بۆ ئەم هەوڵە هاوکار بوون.

لەم نووسینانەدا ئاوڕ لە نامە ئەکادیمییەکانی زانکۆکانی کوردستان لەبواری ئەدەب و زمانی کوردیو زیاتریش بەشە ئەدەبیەکەی دەدەینەوە. "بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا" ناونیشانی یەکەم نامەی [بواری ئەدەب] ئەکادیمیە لە باشووری کوردستان کە بۆ یەکەمجار 30 ساڵ پێش ئێستا لە زانکۆی سەلاحەدین لەلایەن (دڵشاد عەلی) نووسرا. ئەم نامەیە وەک لە ناونیشانەکەیەوە دیارە. لەناو ئەدەبدا کاری لەبارەی شیعرەوە کردووە، بنیاتە هونەرییەکانی خستووەتەڕوو. بۆ دەرخستن و ڕەخنەگرتنی بۆچوونە کۆنە نازانستییەکانی بەر لە خۆیو گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پەیڕەوی ڕێبازێکی زانستی کردووە کە لەسەر سێ بنەڕەت دامەزراوە: (مێژوویی، شیکردنەوە، بەراوردکاری). نامەکە لەسێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم، وردبوونەوەیە لەبارەی جیاوازیو خستنەڕووی چەمکەکانی هۆنراوە و هەڵبەست، ڕێبازەکانی شیکردنەوەی بنیاتی هەڵبەست، کە توێژەر پشتی بە هەردوو ڕێچکەی ڕەخنەی ڕۆژئاوایی و عەرەبی بەستووە، جۆری هۆنراوەی خودی (لیریک)ی بۆ لێکۆڵینەوەی نامەکەی دیاری کردووە و پێیوایە لە هۆنراوەی خودیدا شاعیر لە شیعرەکەی جیانابێتەوە. لە ئەدەبی کوردیشدا ئەم چەشنە هۆنراوەیە زۆرە. لەبەرامبەریدا باسی ڕێبازی لاساییکردنەوە [لاساییکردنەوەی جیهانی دەرەوە]و ڕێبازی ڕۆمانتیکی و تاقیکردنەوەی خودی دەکات. دواتریش باسی ڕەخنەی عەرەبیی کۆن و نوێ دەکات کە لە کۆندا شیعر وەک پیشەسازی و دروستکردن و لەنوێشدا هاوتای ڕەخنەی ئەورووپی شیعر وەک تاقیکردنەوە دەبینێت. پاشان لەبارەی چەمکی هۆنراوەوە باسی تێڕوانینی نووسەرە کوردەکان دەکات و پێیوایە تەنیا لەچوارچێوەی دیدگا ڕەخنەییەکانی ڕۆژئاوا و عەرەب لە هۆنراوەیان نەڕوانیوە. دواتر توێژەر وەک دەرئەنجام و بنەمایەک چەمکی هۆنراوە بنیات دەنێت و لێی تێدەگات و لەنامەکەدا کاری لەسەر دەکات "هۆنراوە دەربڕینێکی هونەری تاقیکردنەوەکانی شاعیرەو لەگەڵ چەند بنەمایەکی ئاوازەییو وێنەییدا بنیات دەنرێ".

دواتریش توێژەر جۆرەکانی هۆنراوە بەنموونەوە دەخاتەڕوو، هاوکات سروشتی هەڵبەست دیاری دەکاتو باسی ئەو پرسە یەکلانەکراوانە دەکات کە لە ئەدەبی عەرەبیدا لەبارەی ژمارەی بەیتەکانی قەسیدەو قتعە و غەزەل هەن. توێژەر پێیوایە جگە لەم جۆرانە، مەسنەوی و تەرکیببەند، چوارین... زیاتر پەیوەندیان بە ئاوازی هۆنراوەوەیە کە لەبەشی سێیەمدا بە وردی جیای کردوونەتەوە. هەر لەم بەشەدا نووسەر هۆکاری هەڵبژاردنی هەڵبەست لەبری هۆنراوە بۆ ناونیشانی نامەکەی دەخاتەڕوو، کە هەڵبەست سنووری دیاریکردنی دێڕ و بەیت دەبڕێت و یەکێتییەک لەنێوان سەرجەم ڕەگەزەکانی هەڵبەستدا دەکاتە بنەما و پێیوایە ئەو ڕێبازەش شێوازگەریە کە دەتوانێت سەرجەم ڕەگەزەکانی بنیاتی هەڵبەست لەبەرچاو بگرێ، ڕێبازەکەش بە (یەکدیگر) ناودەبات کە ڕوو لە سەرجەم ڕەگەزەکانی هەڵبەست دەکات، چونکە ڕەگەزەکان دەبنە هۆ و ئەنجامی یەکتر. بۆیە نموونەی دێڕە شیعرێکی هێمن دەهێنێتەوە:

ئەسیری بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم
تەماشاکەن چ سەیرێکە بە دەستی دیلەوە دیلم

### یەکەم نامەی ئەکادیمی لە بواری ئەدەبدا کە بەر لە 30 ساڵ نووسرا

توێژەر پێیوایە گەر شاعیر هەر دێڕێکی دیکەی زیاد بکردایە ئەوا زۆرلەخۆکردنی پێوە دەردەکەوتو سیمای تاقیکردنەوە شیعرییەکەی دەشێواند.

بەشی دووەم، زیاتر پراکتیکیە و ڕۆحی نامەکەی تێدا بەرجەستە بووە، کە چوار جۆر بنیات [بنیاتی سادە، تێکەڵ، لێکدراو، ئاوێتە] بەپێی ئەزموونو تاقیکردنەوەی شاعیران جیادەکاتەوە و نموونەی شیعریی بۆ هێناونەتەوە. بۆ نموونە لە بنیاتی سادەدا کە تاقیکردنەوەی سادە و زۆرکات یەک بابەت لەخۆدەگرێت، نموونەی شیعری ئەحمەد هەردی هێناوەتەوە، بە وردی بنیاتەکەی لەسەر بنەمای بابەتو سۆز و ئەندێشەی شاعیر شیکردووەتەوە و پێیوایە شاعیر لە شیعری (نائومێدی)دا ئەزموونێکی ڕەسەنی هەیە، بەڵام نارەسەنیی دەقەکە لەوێدا دەردەکەوێت کاتێک شاعیر پاش 23 ساڵ دێت و 26 بەیت بۆ دەقەکەی زیاد دەکات، بۆیە توێژەر ئەو تێهەڵچوونەوەیەی شاعیر بە بەرهەمی پیشەسازیی دەق نەک تاقیکردنەوە دەزانێت. مەبەست لە بنیاتی (تێکەڵ)یش کۆمەڵێ تاقیکردنەوە و بابەتی جیاوازە، کە شاعیر پێکیەوە نەبەستوونەتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە شاعیری سەرکەوتوو بتوانێت یەکێتی بنیاتەکە بپارێزێ، تا بەهای هونەری لاواز نەبێت. لەم بنیاتەدا زیاتر شیعری لاساییکەرەوە نەک تاقیکراوە تێبینی دەکرێت. بنیاتی (لێکدراو) هاوشێوەی تێکەڵە، بەڵام شاعیر بۆشایی نێوان بابەتو تاقیکردنەوە جیاوازەکان پڕدەکاتەوە و کەڵێن لەو زنجیرە تاقیکردنەوانەدا دەرناکەوێ. بنیاتی (ئاوێتە)ش کۆمەڵێ ئەزموون و بابەتی لق و پۆداری جیاواز لەخۆدەگرێ، کە خوێنەر هەست بە سەربەخۆییو پێکەوەبەستنیان ناکات، بەڵام لەبەرئەوەی ئەزموونەکان ڕەسەنن، ئەوا خوێنەر کاردانەوەی دەروونی لەئاستیدا دەبێت، چونکە ئەندێشە و سۆزی بەرینی شاعیر لەم جۆرە شیعرەدا دەردەکەوێ.

بەشی سێیەمیش کە کۆتا بەشی نامەکەیە، بۆ ئاواز و بنیاتی شیعر [بەشێوەیەکی پراکتیکی] تەرخانکراوە و باسی ئاوازی ناوەوە و دەرەوە، هەروەها ڕۆڵی کێش و سەروا لە بنیاتی هەڵبەستدا کراوە و شیعری شاعیرانی نوێی بەنموونە هێناوەتەوە. توێژەر پێیوایە هەڵبەستی کوردی سوودی لە گەلێک بنیاتی هونەری بینیوە. لە نامەکەدا پێناسەیەکی نوێ بۆ قافییەی شیعری کوردی کراوە کە جیایە لەو پێناسانەی پێشتر لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و کوردیدا کراون، هەروەها ئاوڕی لە چەمکی شیعری سەربەست و سەرەتاکانی لە ئەدەبی کوردی و چۆنێتی بنیاتنانی ئاوازەکەیو دیاریکردنی پێ (تەفعیلە)و دەستە پێیەکانی داوەتەوە؛ دیارە لەم نامەیەدا زاراوەی (دەستە پێ) بەکارهێنراوە کە دواتر لێکۆڵەرانی تر بەکاریانهێناوەتەوە.

لە کۆتاییشدا توێژەر چەندین ئەنجامی خستووەتەڕوو: ئەزموونی شاعیرانی کورد تەنیا لاساییکردنەوە نەبووە و ڕەسەنێتی خۆیان پاراستووە. هاوکات شاعیرانی کورد بەهەوێ هەردوو ئاوازی ناوەوە و دەرەوە، بنیاتی مۆسیقای هەڵبەست و سۆزی هەڵچووی دەروونیان لێکداوە و توانیویانە ئاوازی هەمەڕەنگ سازبکەن، توێژەریش پێیوایە دەبێ قافیە وەک دەنگ نەک تیپ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

بەوپێیەی ئەمە یەکەم نامەی ئەکادیمیە لەبواری ئەدەبدا و توێژەرەکەشی ئێستا پرۆفیسۆرە لە زانکۆی سلێمانی، بەباشم زانی لە کۆتاییدا خۆی زانیاری زیاترمان لەسەر نووسینی نامەی ئەکادیمیی ئەوکات بداتێ و باسی نامەکەی بکات.

دکتۆر دڵشاد عەلی لەوبارەوە دەڵێت: "خوێندنی ماستەر لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا بۆ یەکەمجار ساڵی 1986 لە بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین کرایەوە. لەو کاتەدا من هەر لەبەشی کوردی بە ناونیشانی (یاریدەدەری توێژەری زانستی) کارم دەکرد. ئێمە یەکەم دەستە بووین کە لە خوێندنی ماستەر وەرگیراین. بابەت و ناونیشانی نامەکەم لەگەڵ خوالێخۆشبوو دکتۆر کامل بەسیر دیاری کرد کە وەک سەرپەرشتیار بۆم دیاری کرابوو. لە ئامادەکردنی بەشی یەکەمدا بووم کە دکتۆر کامل وەفاتی کرد، بۆیە بەشی کوردی (دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)یان وەک سەرپەرشتیار بۆ دیاری کردم.

دەربارەی تەواوکردنی نامەکەش، دیارە لە کاتی خوێندنەکەدا دوو ساڵ مۆڵەتی خوێندنم وەرگرتبوو، بەڵام چوارمانگ پێش ماوەی یاسایی خوی نامەکەم تەواو بوو لە ڕۆژی 1988/8/20 گفتوگۆی لەسەر کرا. لیژنەی گفتوگۆش بریتی بوون لە دکتۆر ئەمین موتابچی و دکتۆر شوکریە ڕەسوڵ و دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ. هەر کاتی خۆشی خوالێخۆشبوو مەحمود زامدار لە هاوکاریدا ڕاپۆرتێکی لەسەر ڕۆژی گفتوگۆکە بلاوکردەوە".

ئەو پرۆفیسۆرە لە کۆتاییدا دەڵێ: هەروەک چۆن کاتی خۆی دڵخۆشی کردم بەوەی پلەی (نایاب)م بەدەستهێنا، ئێستا و دوای ئەو سی ساڵەی بەسەریدا تێپەڕیوە، هەر دەبێتەوە مایەی دڵخۆشیم کاتێ دەبینم بووەتە سەرچاوەی سەرەکی سەرجەم ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بواری ئاوازی دەقی شیعریدا نووسراون و تا ئێستاش سوود بە لێکۆڵەران دەگەیێنێ".

ئەم نووسینە دەستپێکی زنجیرەیەکی دوو هەفتەجاری دەبێت کە هەر جارەو نامەیەکی ئەکادیمی لێرەدا دەخەینەڕوو، هەوڵدەدەین نامەکان لە زانکۆ جیاوازەکانی کوردستان وەربگرین بەڵام بە مەرجی ئەوەی بە کوردی نووسرابن.



# هەلی 55 وشەیی

فریا یونسی



هەڵبەت ئەم ناوزەدکردنە نوێیەی ئەم ڕەوتە، ڕەنگە زۆرجار بەری بە مینیماڵیزمەوە نەبووبێت و زیاتر لەسەر کورت و کوێرکردنەوە عادەتییەکانی ئەم فۆڕمەی "نقیسار"، سوور بووە. من پێموایە تەنانەت بوونی ئەم فۆڕمەش بۆ ئەدەبیات – بە تایبەت ئەدەبیاتی کورد- پێویستە و بەکارهێنانی هەر تکنیکێک لە گێڕانەوەی ئەم جۆرە چیرۆکانەدا بە 55 وشە، کاریگەریی خۆی لەسەر چەندین لایەنی ئێمە هەیە. یەکەم لایەنی زمانە و ئەم لایەنە بۆ ئەوەی دەرەقەتی ئەم هەلە کەمە بێت، زۆر باری خۆی دەخاتە هەوڵ و تەقەلاوە. بۆ نموونە، زمان دەتوانێ بە لایەنی مێژوویی خۆیدا بچێتەوە و بۆ سەرەتای وشەکان، بۆ ڕەگەزیان بگەڕێت. ڕەگەزی زۆر وشە لە زمانەدا – بە تایبەت لە زمانی کوردیدا- دەگەڕێتەوە سەر ئەو فۆرموولە سادەیەی کە پێشینانی زمانسازی ئێمە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بە بەیت و حەیران و ئازیزێ و پاییز و سوارۆ، ئەم زمانەیان ساز کردووە، ئاگاداری پێکهاتەکانی بوون، پاراستوویانە و گواستوویانەتەوە بۆ بەرەکانی دوای خۆیان؛ ئەم نهێنییەی زمانیان زانیوە کە ئاماژە بە "ئان" کردن، مۆجیزەی زمانە و بۆ ڕوودانی ئەم مۆجیزەیە کاریان کردووە. لە حەیرانێکدا، باسی تاقە دارێک دەکات، وا دەیگێڕێتەوە کە تۆ هەموو بەسەرهاتەکان دەبیسی، بەڵام بە بەسەرهاتی پاڵەکییان دەزانی و لەولاشەوە تەنیا یەک وێنە لە نیگاتدا شکڵ دەگرێ: وێنەی تاقەدار. جۆرێک ئەرکی مینیماڵیستی بۆ گواستنەوەی بەسەرهاتێک بۆ بەرەکان، بە تێچینیکردنی جۆرێک گێڕانەوە کە تەنیا یەک جاری بەسە گوێبیستی بیت و بۆ هەمیشە بیزانی.

لایەنی دووەم لایەنی ستاتیکی زمانییە. جۆرێک جوانیسازی بۆ زمانی هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی گەورە. من لام وایە کۆمەڵگەی گەورە، ئەو بەردەنگە نهێنییەیە کە هەر نووسەرێک لە خەفادا داستانەکانی بە گوێی ئەودا دەچرپێنێ و دەیگێڕێتەوە. کەواتە لێرەدا ئیتر باسی چییەتی زمان لە ئارادا نامێنێت و ئەو ئەرکە جێی خۆی بە چۆنیەتی زمان دەدات. مینیماڵیزم لە زمانە نەرمەکاندا سەری هەڵداوە و هەر زمانێکیش بیهەوێ بە فۆڕمی مینیماڵیزم بگا، دەبێ بچەمێتەوە و خاکەڕایانە ئەو فۆڕماتە وەربگرێت. جا ئەگەر ئەو چەمانەوە زمانییە لە هەلێکی 55 وشەییدا ڕێبکەوێت، چ باشتر.

خۆرخی لویس بورخێس، نووسەری ئەرژەنتینی، بە ڕەوایەت، دەروویەک لێدەداتەوە بۆ لایەنی ئارکائیکی زمان و شێوازی کەڤنارای گێڕانەوە پیشە دەکات. لە ئانێکدا، لەحنێکی دوور و مونزەوی بۆ ڕەوایەت دروست دەکات و ناهێڵێ بەردەنگ وا هەست بکات کە داستان دەخوێنێتەوە. دڵنیام کە ئەم هەستە بۆ زۆرێک لە خوێنەرانی بۆرخێس پێشهاتووە کە کاتێ دەیخوێنیتەوە، لە چوارچێوەی شوێن- کاتی دا نامێنی و ئەوەی دەیخوێنیتەوە، دەیبینی. هەر ئەم فۆڕمە بە شێوەیەکی دیکە لە ئەدەبیاتی گەلانی دیکەی جیهاندا دووپات دەبێتەوە. لەوێ – لە مینیماڵەکانی بورخێس دا- چەقۆیەکی شووم پەیدا دەبێ کە سەری هەزاران کەسی خواردووە و لە واقعدا، کەسایەتی بە چەقۆکە دەبەخشێت و تۆ وات لێدێ چیتر بورخێس یان هەر زانای کوللێک نابینی؛ چەقۆکە دەبینێ کە چۆن لە هەر بەستێنێکی زەمانیدا بە ڕووداوێک ئەو شوێنەی کە لێی گیرساوەتەوە، بەجێدەهێڵێت و دەهێڵێ بۆ شوێنێکی دیکەی بگوازنەوە و لە کەسی ئەمڕایەی نزیک بخەنەوە کە بڕیارە بیکوژێت. هەر ئەم حاڵەتەی گێڕانەوە، کە بە بڕوای من یەکێکە لە تەکنیکە سەرەکییەکانی مینیماڵ، لە زۆرێک لە زمانەکانی دیکەشدا هەیە و لەڕاستیدا ئەو ئارکائیکبوونەی زمان، پێدەچێ لایەنێکی هەموو زمانێکی دیکەی دنیا بێت، بەڵام زۆرێک لەم زمانانە بە پاژی تەولید و چێکردن نەگەیشتوون کە ئەمەیان باسێکی دیکەیە و زۆر لایەنی سیاسی کۆمەڵگەناسی و تەنانەت جوگرافیش دەگرێتەخۆ. بۆیە لەسەر ئەم تەوەرە زووم ناکەم و دەهێڵم باسەکەی خۆم – باسی هەلی 55 وشەیی ئەدەبیات- بە ئەنجام بگەیەنم. لەڕاستیدا ئەم فۆرموولە بە هەر چەشنێک بۆ هەیکەلی گێڕانەوە لە زمانی ئێمەدا بە سوودە و ئەگەرچی نەشتوانێ ئاماژە بەو "ئان"ە وشیارەی مرۆڤ بکات، بەڵام هەلێکە بۆ زۆرانگرتنی ئێمە لەگەڵ زمان. هەلێک بۆ کارکردنی ئێمەیە لەسەر ئەو لایەنە دەستلێنەدراوەی زمانێک کە بە بڕوای من لە دوای بەیت و حەیرانەکانەوە، لە بەستێنی خۆیدا، ڕەوایەتی پێ نەکراوە و تەنیا لە پاژێکی زەمانی بەملاوە فێری گێڕانەوە جۆراوجۆرەکان بووە بە سەبکی گەلانی دیکەی جیهان – بە تایبەت دراوسێ زمانییەکانمان- و چیتر هەوڵی نەداوە لا لەو دەستەوشە دروستکراوانە بکاتەوە کە بەپێی فۆرموولی مینیماڵیزم، لە بەژنی ئارکائیکی زمانماندا سەقامگیر بوون. هەلی پەنجاوپێنج وشەیی، لەم چەند ساڵەی دواییدا بووەتە باو و تاقمێک لە نووسەران خەریکن بەو فۆڕمە دەنووسن کە بە چەند تایبەتمەندی ئەم خاڵە ئاماژەم کرد و ئیستاش وەکوو کۆتایی باسەکە، باسی تایبەتمەندیی بنەڕەتی ئەم سەبکە دەکەم: خۆنزیکخستنەوە لە ستانداردی ژیانی شاریی ئینسانی مۆدێرن، بە گێڕانەوەی بەسەرهاتە بەدەردهاتەکان بۆ کۆمەڵگەی جیهانی، تەنها بە 55 وشە.

## بێبەختی

### ئالێن ئی مایەر

بە ئێشێکەوە کە هەموو لەشمی داگرتبوو، وەخەبەر هاتمەوە و پەرەستارێکم بینی کە لە لای قەرەوێڵەکەمەوە وەستابوو. گوتی: جەنابی فوجیما، شانستان هەبووە کە لەو بۆردومانەی دوو ڕۆژ لەمەو پێشی هێرۆشیما، بە سەلامەت ڕزگارتان بووە. بەڵام نیگەران مەبن، ئێستا لێرە لەم بیمارستانە جێگەت ئەمنە.

بە دەنگێکی کزەوە پرسیم: من ئێستا لە کوێم؟

گوتی: ناکازاکی...

# ڕۆمانی پۆستمۆدێرنە

حەمە مەنتک



پۆستمۆدێرنیتە چەمکێکی فرە ئاڵۆزە، دەلالەت لە قۆناغێکی دوای مۆدێرنیتە دەکات، چونکە ئەو بوارانەی پۆستمۆدێرنیتە کاری تێدا کردن زۆر فراوان بوون. ئەدەب، بیناسازی، فەلسەفە، سیاسەت و ئابووری و...تاد دەگرێتەوە. سەردەمی پۆستمۆدێرنیتە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکانە. ئەم چەمکە وەکوو دیاردەیەکی هونەری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی لە ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردوو دێتە ناوەوە، هەرچی ئەدەبی پۆستمۆدێرنیتەیە لە ساڵانی شەست ئینجا بەتەواوی دێتەکایەوە، بەڵام ڕیشەکەی بۆ پێش ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە لە بەرهەمی نووسەرانی وەک: ئەزرا پاوەند، ت.س.ئێلیوت، جێمس جۆیس، مارسیل پرۆست، ڤێرجینیا وۆلف و کافکا و...تاد.

دەرکەوتنی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنە لە ئەورووپا بۆ پەیدابوونی ڕۆمانی شەپۆلی هۆش دەگەڕێتەوە. توێژینەوە لە ئەدەبی پۆستمۆدێرنە لە ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوو بۆ توێژینەوەکانی هەردوو توێژەر (ئیهاب حەسەن) و (لیزلی فیدلەر) دەگەڕێتەوە. لێرەوە کۆمەڵێک خاسیەتیان بۆ ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیزم دیاری کرد. لەوانە دژوازی، جوایەزی، فرەیی، ڕێژەیی، ڕووبەڕووبوونەوەی واتای جێگر، فۆرمی کراوە (واتە بنیاتی کراوەی دیارینەکراو) و دەقئاوێزان. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەدواوە ڕۆمانی کوردی هێدی هێدی وەسەرپێ دەکەوێت، بەڵام لە دوای ساڵی 1991، کاتێک ئەدەبیاتی کوردی دەرگەی بەسەر ئەدەبیاتی دنیادا بۆ دەکرێتەوە، بە زوویی تێکەڵاوی دەبێت. دەیان نووسەر و ڕۆماننووسمان لە تاراوگە سوود لە فۆرم و تەکنیکە نوێیەکانی ڕۆمان وەردەگرن، چونکە ڕۆمان پانتایی ئازادیی کارکردنی تێدا لە ژانرەکانی دیکە بەرینترە. هۆکارگەلێک هەن، کە ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیزم لە ئەدەبیاتی کوردیدا پەیدا بێت. بوونی جەنگی بەردەوام، ناسەقامگیریی سیاسی، لە هەمووی گرینگتر کاریگەربوون بە ئەزموونی ڕۆماننووسانی جیهانی کە هۆکارێکی گرینگی ڕۆشنبیرییە. هۆکارێکی دیکە کە هۆکاری خودییە، زۆربەی ڕۆماننووسانمان لە هەوڵدابوون بۆ ئەوەی لە قاڵبە سواو و پاتەبووەکان دەرچن. بۆ نموونە بەختیار عەلی، شێرزاد حەسەن، کاروان کاکەسوور، عەتا محەممەد، ماردین ئیبراهیم، جەبار جەمال غەریب و...تاد.

ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیزم هەوڵێکە بۆ تێکشکاندنی سێنترالبوون، لەوێوە ئەو شوێنانەی داخراون، ئەو بە کراوەیی بەجێی دەهێڵێت. ڕەخنە لە کۆمەڵ دەگرێت، هەوڵی کەشفکردنی ناسنامەی تاک دەدات. هاوکات خوێنەر لە پاتە دارشتنەوەی بنیاتی دەق بەشدار دەکات.

یەکێک لە خاسیەتەکانی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیزم بوونی ئاڵۆزی و فەوزای گێڕانەوەیە. مەبەست لەوە نارێکخراوییە لە گێڕانەوەدا، واتە پشت بە یەک فۆرم نابەستێت. خوێنەر بەردەوام بەر فۆرمی نوێ دەکەوێت لەناو هەمان دەقدا. بۆ نموونە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دنیا)ی (بەختیار عەلی)، یەک شێوە فۆرم تێیدا جێگر نییە، چونکە ئەم ڕۆماننووسە کۆی تراژیدیاکانی کوردی لەو ڕۆمانەدا بەرباس داوە، بێگومان هەر تراژیدیایەکیش فۆرمێکی تایبەتی بۆ گێڕانەوە دەوێت.



یەکێکی دیکە لە خاسیەتەکانی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیزمی کوردی ئەوەیە، کە تەمومژ لە بنیاتی کارەکتەرەکاندا دروست دەکات. ژمارەیەکی زۆر لە کارەکتەر هەن. ئەم فۆرمە بەتایبەت لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) دەردەکەوێت. کارەکتەرگەلی زۆر هەن. بەڵام ئەم ژمارە زۆرە پێوەر نییە، بەڵکوو ڕۆڵ و کاریگەری هەریەک لەو کارەکتەرانەیە لە بنیاتی ڕۆمانەکەدا. ئەم فرەییە لە کارەکتەر هەوڵێکە بۆ ئەوەی تەنیا دەنگێک لەناو ڕۆماندا زاڵ نەبێت. ڕۆڵی هەریەک لەو کارەکتەرانە لەوەدایە بەردەوام لە شوێنی دیکەی ناو ڕۆمانەکە دەردەکەونەوە. بۆیەش دۆزینەوەی پێوەندی لەنێوان کارەکتەرەکان زۆر گرینگە. هەمیشە ڕووداوەکان، کارەکتەرەکان مەودایەک لەنێوانیاندا هەیە، هاوکات بەیەکیشەوە بەستراونەتەوە. بۆ نموونە ڕۆمانی (ماڵی نانی) باسی زەمەنی عوسمانییەکان دەکات پێش شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، هاوکات باسی ڕووداوگەلێکی دیکە دەکات لە سەدەی بیستویەک. لێرەدا خوێنەر چۆن دەتوانێت پێوەندیی نێوان ئەو کارەکتەرانە، ئەو زەمەنانە بدۆزێتەوە؟

خاسیەتی سەیروسەمەرەیی یەکێکی دیکەیە لە خاسیەتەکانی ڕۆمانی پۆستمۆدێرن. هەیشە خوێنەر بەرانبەر ڕووداوەکان،کارەکتەرەکان سەراسیمە دەبێت. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (خواجە نەسرەدین کە لەپێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت)ی (عەتا محەممەد) پڕە لە ڕووداوی سەیروسەمەرە. (خواجە نەسرەدین/ مەلای مەشهوور) وەکوو کارەکتەرێک لە ڕۆمانەکەدا سوودی لێوەردەگیرێت. هاتنە خوارەوەی بۆیەی قژڕەشکردنەوە بەسەر دەموچاوی بەرپرساندا لە ئاهەنگێکدا بەهۆی بارانەوە، دەبێتە ڕووداوێکی سەیر. بەمەیش ڕەخنە لە بەرپرسانی ئەم وڵاتە دەگرێت کە بەرانبەر میللەت ڕووی ڕاستەقینەیان ڕۆژێک دەردەکەوێت.

زمانی شیعری لە ڕۆمانی پۆستمۆدێرنە بە تەواوی بەسەر دەقەکەدا زاڵ دەبێت. ڕۆمانی کۆن پتر جەخت لە تێگەیشتن دەکاتەوە، بە زمانێک ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە تێگەیشتنیان سانا بێت. بەڵام لە ڕۆمانی پۆستمۆدێرندا خوێنەر دەبێت هیلاک و ماندوو بێت. وەنەبێ تەنێ لەبەر ئەوە بێت، بەڵکوو ئەرکی ئێستێتیکی و مۆسیقایی جێبەجێ دەکات. بەکاربردنی زمانی شیعری لە ڕۆماندا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە سنوورەکان لەنێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا کاڵ بوونەتەوە. (جەبار جەمال غەریب) و (بەختیار عەلی) لەو ڕۆماننووسانەن کە بەردەوام لەڕێی فەزای شیعرییەتەوە زمانی شیعر و زمانی گێڕانەوە تێکەڵ دەکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەم زمانی شیعریە لەڕێی فرەدەنگییەوە باشتر دەچەسپێت، بەوەی هەر کارەکتەرە خاوەن زمانی گێڕانەوەی خۆیەتی، بێگومان کارەکتەرەکانیش زمانەکەیان ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریانە.

# ئەو ئاسمانگەلەی ڕەنگە مابێتیان بکەون!

عەلی حسەینی




دەقی داستانی، بەتایبەت ڕۆمان، دەتوانێ بۆ کەشتیی لە شەپۆلدا گیرکردووی ئەدەبی کوردی لەنگەرگەیەکی ئارامبەخش بێت کە بەو هۆیەوە لە هورووژمە تەزێنەرەکان دەرباز بێت و چەند دەورێک خۆی ببووژێنێتەوە و بتوانێ لە داهاتوودا سەرێک بێت لەناو سەراندا و ڕوویەک هەڵبێنێ. ئەگەر چاوێک بخشێنین، خۆشبەختانە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم دەقە ئاوەزبەخش و شارستانییە چەند دەیەیە لە ئەدەبی کوردیدا خۆی نیشانداوە و بەرەبەرە ڕوو لە زیادبوونە. دەقەکانی دیکەی وەکوو شێعر و پەخشان پێدەچێ دادی ئەدبیاتی کوردی نەدەن، بۆیە تاکی کورد دەیەوێ لە بوارێکی تردا خۆی تاقی بکاتەوە. ڕەنگە تاکدەنگی، دیکتاتۆرییەتی نووسەر بەسەر دەقەوە، هەندێ هاشە و هووشەی دەهۆڵئاسا و برێک گرفتی تر هۆکاری ئەوە بووبن کە خوێنەران و لایەنگرانی ئەو چەشنە دەقانە کەم ببنەوە.

لە جەبار جەمال غەریبەوە بە خۆشییەوە دەبێ بڵێم بێجگە لە برێک کەموکووڕی کە ڕەنگە ئەگەری هێنانە ئارایان زۆر نالۆژیکییانە نەبێ، پەیڤگەلێکی دڵخۆشکەر دەبیستین. ئەگەر چاوێک بە تازەترین بەرهەمی ئەودا (کەوتنی ئاسمانەکان) بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە نووسەر لە چاو دەقەکانی تری برێک بە لای خوێنەردا شکاوەتەوە و توانیویەتی پێشوازییەکی گەرمتر لە بەردەنگ بکات و لە هەمان کاتدا پانتایی دەقەکەش، گۆمئاسا، قووڵتر بکات. دەربارەی ڕۆمانی زێبرا من لەوە پێش بۆچوونی خۆم دەربڕیوە، بەڵام لە نەتەوەی زێرابەکاندا لە ڕێژەیەکی بەرچاودا تاکدەنگی و کەم دیالۆگی دەبینرێ؛ ئەگەرچی لەو ڕۆمانەدا نووسەر هێزی گێڕانەوە و وەسفکردنی بە ڕادەیەک لەسەرەوەیە کە برێک لە کەموکووڕییەکان یان داپۆشراون یان بە سەختی دەبینرێن. لەو ڕۆمانەدا نووسەر بە چەشنێ نەتەوەی زێرابەکان وەسف دەکا کە خوێنەر دێتە سەر ئەو باوەڕەی ئەگەری ژیان لە ناو زێراب و لەو چەشنە شوێنانەدا هەیە و دەکرێ کۆمەڵگەیەکی شاراوە وەک ئەم کۆمەڵگە ڕاستەقینەی تێیداین، لە ژێر زەوی یان شوێنگەلی لەو چەشنە بە شێوەیەکی نادیار هەبێت و بەردەوامیش بیری بزووتنەوە و سەرهەڵدانی لەسەردا بێت. بیست ساڵ لەوەبەر کە من دەقی ئینگلیزیی ئەنیمڵ فارمز یان کێڵگەی ئاژەڵانی ئۆروێلم خوێندەوە، لە دێڕ بە دێڕی ئەو ڕۆمانەدا نوقمی حەز، تاسە، نەفرەت ،خۆشەویستی یان ڕق و تووڕەیی دەبووم و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەست و ئەندێشەی لاویم دانا و ئێستاکەش لە قەمچ و پێچی ئەو ئیعجازی نووسینەدا هەر سووڕ دەخۆم. تا ماوەیەکی درێژ وا بیرم دەکردەوە کە شتێکی واقعیم خوێندووەتەوە و ئاژەڵیش وەک مرۆڤ دەتوانێ بیری شۆڕش و سەرهەڵدانی هەبێت و خۆی لە چەوسانەوە دەرباز بکات. لە نەتەوەی زێرابەکانیشدا خوێنەر ڕەنگە کەم و زۆر هەمان هەست دەستی پێبدا؛ جیاوازییەکە لەوەدایە کۆمەڵگەی کێڵگەی ئاژەڵان ئاژەڵن و لێرەدا لە نەتەوەی زێرابەکاندا مرۆڤە، ئەو مرۆڤانەی کە لە کۆمەڵگەیەکی ناشارستانیدا حەسابی ئاژەڵیان بۆ دەکرێ و ناچارن لە بێدەرەتانی و کوێرەوەریدا لە هیچ مەترسییەک خۆ نەبوێرن و بۆ ئەوەی قورسایی ئەو کوێرەوەرییە کەم بکەنەوە، ناچارن بەرخودان بەرنە تاریکسانێکەوە دوور لەو هەتاوەی کە دڵێی تەنیا بۆ لایەنی پاوانخواز پرشنگ دەداتەوە. لەو دەقەدا نووسەر لە ڕێگەی توانج و جارجار زمانێکی تیژ و جوێنئاساوە ئالای کوێرەوەران لە قووڵاییەکانی ژێر زەویدا لەناو لیتە و بۆگەندا هەڵدەدات و بەو شێوەیە بە جیهانیان نیشان دەدا کە هیچ ئاسۆیەکی روون بۆ بەرگری لەخۆ نییە و گەرەکمە بەم شێوە توانجاوییە سەرنجی هەمووان بۆ لای چەوساوەکانی کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی ڕابکێشم.

نووسەر لە هەر هەموو ئەم دەقانەدا وەک کتێبی زێبرا ئەدەبیاتی چەپەڵی کۆتایی هەشتاکانی ئەمریکای کردووە بە هەوێنێکی وزەبەخش بۆ دەقەکانی و دەیەوێ وەک گورزێکی کوشندە لە کەللەی ئەو گوێ ئاخنراوانەی وا نایانەوە هیچ دەنگێک ببیستن، بچەقێنێ. لە کەوتنی ئاسمانەکاندا هەمان ڕێچکەی پێشوو تا ڕادەیەک درێژەی هەیە، بەڵام نە بەو قورساییەی کە لە دوو کتێبی پێشوودا بینراوە؛ ئەوەش ڕەنگە لەو ڕووەوە بێت کە ناوەرۆکی دەقەکە تا ڕادەیەکی زۆر هەڵگری جدیەتە. ئەگەر باختین ئاسا بڕوانین کێشەیەکی زۆر گرینگ کە لە دەقی نووسەردا و هەروەها هەندێ نووسەری دیکەی کورددا بەرچاو دەکەوێ، کەم دیالۆگییە. ڕەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەی کە کۆمەڵگەی کوردی هەمیشە تێیدا دەست و پێی لێداوە و نەیتوانیوە لێی تێپەڕ بێت؛ واتە کێشەی لاوازبوونی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن. هەڵبەت بە بەراورد لەگەڵ پێشدا لە کەوتنی ئاسمانەکاندا تا ڕادەیەک دیالۆگ دەبینرێ؛ ئەگەری ئەوەش هەیە لە بەرهەمگەلی داهاتوودا دۆخەکە بەرەو باشتر بچێت.

کە باسی ئەدەبیاتی چەپەڵمان هێنایە ئاراوە، لە دوو کتێبی پێشوودا ئەو چەشنە ئەدەبیاتە هیچ چەشنە ڕێگرییەکی لە تۆکمەبوونی دەقەکە نەکردووە، بەڵام بە ڕای من لە کتێبی کەوتنی ئاسمانەکاندا زۆربوونی ئەو چەشنە ئەدەبیاتە دەتوانێ تا ڕادەیەک بۆ گشتێتیی دەقەکە زیانبەخش بێت. وا هەست دەکرێ ئەم ڕێچکەیە چووبێتە زەمیری ناخودئاگای نووسەرەوە کە ئەگەر هەوڵ بدرێ بە پێوانە و لە جێگەی خۆی کەڵکی لێ وەرگیرێ باشترە. شتێکی دیکە کە دەکرێ لێرەدا بیهێنمە بەر باس و هیچ پێوەندیشی بە ئەدەبیاتی چەپەڵەوە نییە و ریشەی لە حەقیقەتێکدایە، ئەوەیە کە نووسەر لە زۆر شوێنی کتێبەکەدا باسی سمت، مەمک،ران، ماچ، چەشنگەلی سێکس و ... دێنێتە ئاراوە. ئەمەش ناتوانرێ بێ هۆکار و پاساو بهێڵرێتەوە. ئەمە ڕەنگە لەو ڕووەوە بێت کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئافرەت هێڵی سوورە و وەک نامووس چاوی لێدەکرێ و ئەگەر هەڵەیەک بکات حەوت پشتی زیانبار دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەکردەوە دەرهێنانی ئەو شتانە لە پێچ پێچەکانی نەریتدا بە ئاشکرا، نیوە ئاشکرا، یان تەنانەت شاراوە کێشەساز بێ و توندوتیژیی لێبکەوێتەوە. کەوابوو نووسەر ناوشیارانە ناچارە لە گوتنی ئەو شتانە خۆ نەبوێرێت چوون کورد گوتەنی: ئەگەر دەمم نەبێ ها کەم و پێم نەبێ ڕاکەم، ئەی قوڕی کوێ بە سەردا کەم؟! بەم پێیە نووسەر ناخی داپڵۆسراوی خۆی وەکوو تاکێک و هەموو کۆمەڵگەکەی بە گشتی دەردەخات و بەم شێوەیە، مەرسییە یان بڵێین چەمەرییەکی سێکشواڵی بۆ دەهۆنێتەوە. چوون هیچکام لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی قۆناغەکانی سێکس بە باشی تێپەڕ ناکەن و تا دەستراگەیشتن بە سێکسێکی مەشرووع ئەو کێشەیە بەردەوام ناخیان داگیر دەکات و پاشانیش ڕەنگە بۆ هەمیشە لە ئاگری ماچگەلی مەحسوور و گوشینی ران و مەمکە حەرامەکاندا وەمێنن. هەڵبەت ئەوەش بڵێین ئەگەر بمانەوێ نووسراوە و ڕۆمانی کەسانی وەک بەختیار عەلی و ... لەم بوارەدا بێنینە بەر باس، ئەو دەقانە زۆر دەقگەلێکی کەم سێکسن؛ ئەمە ڕەنگە لەو ڕووەوە بێت کە خودی بەختیار عەلی وشیارانە خۆی لە بواری سێکشواڵ پاراستبێ تا دەقەکەی زۆر زیان نەبینێ و لە جدییەتی کەم نەبێتەوە. یان دەتوانین ئەو ئەگەرە بێنینە ئاراوە کە جەبار جەمال غەریب زۆر دڵتەڕ بێت و هەرچی بکۆشێت نەتوانێ خۆ لە زۆر نواندنی ئەو چەشنە پەیڤگەلە بپارێزێ. هەڵبەت بەیناوبەین وەکوو زیادکەری چێژی دەق ڕەنگە ئەو شتانە کەم قازانج نەبن!

لە تەواوی ئەم کتێبەدا، هەروەها لە نەتەوەی زێرابەکاندا، نووسەر دروشمی پێکەوەژیان و لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکان چروپڕانە دێنێتە ئاراوە. هەر وەکوو گوتم هێزی وەسف و گێڕانەوەکەش ئەوەندە لە سەرەوەیە کە خوێنەر خۆی لە زۆربەی دۆخەکاندا دەبینێ و هەست دەکا ئەو شتانە بێ کەموکووڕی ڕوویداوە. لە کەوتنی ئاسمانەکاندا لەو شوێنانەی کە کەسانی توندوتیژ خۆیان بۆ عەمەلیات ئامادە دەکەن، ئاستی وەسفەکە بە ڕادەیەک جوان و نێزیک لە ڕاستییە کە خوێنەر بە ڕادەیەکی جادووگەرانە چێژ وەردەگرێت. هەڵبەت ئەوەش بڵێین، ڕەنگە وا باش بێت لە برێ شوێندا ئاستی ئیگزەجیرەیشن بۆ گێڕانەوەکان وەهایش نەبن کە هەندێ خوێنەر وا بیربکاتەوە ئەو ڕێباز و ئایینگەلە جوان و بێ خەوشن. بە گشتی لەم کتێبەدا بەرینایی خەیاڵ و قووڵ بیرکردنەوەی نووسەر شیاوی ڕێزە و دەکرێ زۆر وردبینانە لەلایەن ڕەخنەگرانی باشوورەوە بێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لەم کتێبەدا بۆمان دەردەکەوێ کە جەغزی بەربەستکراوی کۆمەڵگەیەکی نەریتی چۆن لەسەر ڕەفتار و ئاکار و زەین و شعووری تاکەکەس کاریگەری دادەنێ و دەتوانێ وەک ئەژدیهایەک هەموو شتێک لوول بدات. ئاسۆ یان زەینەڵ کە کەسێکی ئاساییە، بە ناچاری دەبێ بە بکوژ. ئاسکۆڵ و ئەڵماس دەبنە خۆراکی توندوتیژیی نەریت و ئایین، بە چەشنێک بێ ئەوەی تاوانبار بن، وا هەست دەکەن تاوانی زۆر گەورەیان کردووە.

لەم کتێبەدا، هەر وەکوو گوتم، نووسەر لە ئاستێکی بەرچاودا بەرەو خوێنەر هەنگاوی ناوە، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە نابێ لە هەندێ شوێندا پلەی ئاخاوتنی کەسەکان زۆر دابەزێنین، یان بە ئاسانی سەری گوریسەکە بدەین بە دەستی خوێنەرەوە و دەقەکە بەرەو سادەگییەکی کلاسیکانە بڕوات و دیالۆگەکان وەک دیالۆگی ڕۆمانگەلی کلاسیک خۆیان دەرخەن. بۆ نموونە لەوێدا کە فواد دوای هەژدە ساڵ لە ئێران دەگەڕێتەوە و لە ئاسکۆڵ و ئاسۆ دەپرسێ، یەکێک، ئەڵماس یان زلێخا، وەڵامی دەداتەوە: "ئاوەتا ئاسکۆڵ؛ خۆ چەند جار ماچی کردی!" یان ئەڵماس بێ ئەوەی هەوڵ بدا ڕستەکان لە ناواخنەوە بپێچێ، زۆر سادە دەڵێ: "ئاسکۆڵ و ئاسۆ گەورە بوون و لێکم مارەکردن و ئەوەش منداڵەکەیان!" هەڵبەت لە چەند شوێنی تریشدا کێشەی لەم چەشنە دەبینرێن.

دەربارەی گشتێتیی زمانی ڕۆمانەکە، پێویستە وەک هۆشدارێک بیهێنمەوە بیری نووسەر و زۆربەی نووسەرانی باشووری کوردستان کە بۆچی لە دەقێکی داستانیدا زمان تا ئەم ڕادەیە دەبێ نەگۆڕ و یەکدەست بێت؟! لە شوێنێکدا کە راوی یان گێڕەرەوە قسە دەکا، دەبێ زمانی نووسینی ستاندارد، ئەو شتەی وا هەموومان هەوڵی بۆ دەدەین هەڵبژێردرێت. کە لێرەدا نووسەر زمانێکی خۆشی هەڵبژاردووە و لە زمانی گشتیی نووسین نیزیکە، بەڵام دیالۆگ و ئاخاوتنی کەسەکان نابێ بە هەمان شێوەی زمانی راوی بێت. لەحن شتێکی زۆر گرینگە لە داستاندا، هەر کەس دەم و راوێژی خۆی هەیە. هەر کەسایەتییەک دەکرێ بە چەشنێ قسە بکات. ئەم کەسایەتییانە خەڵکی کوێن؟ مەگەر کورد نین؟ مەگەر خەڵکی ناوچەگەلی جیاواز نین؟ مەگەر شارۆچکە و شار و گوند و کۆخ و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە یەک شێوە و یەک زار دەدوێن؟ بۆچی ئاخاوتن و دیالۆگەکان زۆر بەکەمی دەگۆڕدرێن؟ دەقی داستانی بەو شتانەوە خۆشە. بە جیاوازییەوە خۆشە. یەکێ بڵێ: "چی" یەکێ بڵێ: "چە"، یەک بڵێ: "تێم"، یەک بڵێ: "دێم"، یێم، ئەتێم، مەو و... . بەگشتی بەسەر هەموو کێشەیەکدا، بە خۆشییەوە بەرهەمەکانی نووسەر لە یادگەی بەردەنگدا جێ دەگرن و دەمێننەوە. گرینگترین کاریگەریی دەق ئەوەیە کە بتوانێ لە زەینی خوێنەرەکەیدا ناونشین و ماندگار بێت.

سەرچاوەکان:

1. نەتەوەی زێرابەکان و کەوتنی ئاسمانەکان، جەبار جەمال غەریب
2. تعبیر خواب، زیگموند فروید
3. آری و نه به رومان نو. ترجمه منوچهر بدیعی



# خەونی هۆڵەندی

ئیمان ئەکرەم بەیاتی

وەرگێڕانی: سەنگەر زراری

**خەونی کۆچکردن**... خەونە بە ئایندەیەکی نوێی پرشنگدارەوە، یان گۆشەیەکی دیکەی تاریکە لە جیهان؟!
**کات:** زستانی 2007
**شوێن:** فرۆکەخانە- عەممانی پایتەختی ئوردن.

دەنگەدەنگی جیاواز گاڤێک بەرز دەبنەوە و جارجارەش نزم، لە هەموو شوێنێکەوە قەرەباڵغیی زۆر و دەموچاوی جیاواز دەوری لێدەدەن، لە ناوەندی حەوشەیەکی گەورە، لەسەرخۆ هەنگاو دەنێ، بە ڕوانینی تێکشکاو و پشتێکی کووڕ، بە دەستێکی یەخەی چاکەتە چەرمەکەی دەگرێ و بە دەستەکەی دیکەش عەرەبانەی جانتاکەی ڕادەکێشێ، نەیدەتوانی هیچ دەنگێک لە یەکتر جیا بکاتەوە و لە هیچ دەموچاوێکیش ڕانەدەما، زۆر ماندوو ببوو، دەتگوت لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژە، تەمەنی بیست ساڵ هەڵکشاوە.

ڕاوەستا، تەماشایەکی کاتژمێرەکەی کرد، هێشتا یازدەی بەیانییە، کەواتە بۆچی پێیەکانی ئەویان هێنایە فرۆکەخانە؟! هێشتا دوو کاتژمێر ماوە فرۆکەکەی بۆ دوبەی بفڕێ. کە گەیشتە دوبەی شەوێکی دیکە لەوێ دەمێنێتەوە و ئینجا ڕوو دەکاتە هۆڵەندا.

هەستی کرد پێویستی بە کوپێک چای بە هێل هەیە، بە هەمان ئەو شێوەیەی هەموو بەیانییەک دایکی لەگەڵ نانی بەیانی ئامادەی دەکرد، یان بەوشێوەیەی کە لە چایخانەکەی گەڕەک، لای مام یاقووب دەیخواردەوە، ئەوکاتەی برادەرەکانی سەردەمی منداڵی و گەنجی: فیراس و موهەنەد و کەمال سەردانیان دەکرد، بە سێقۆڵی دادەنیشتن و سەری قسانیان دەهێنا و دەبرد، چایەک و دووان و سیانیان فڕ دەکرد و پێش ئەوەی ئەوێش جێبهێڵن، بەخشیشێکیان دەدایە مام یاقووب.

بە تاسەوە لە خۆی پرسی: ئێستا لە کوێ چای دایکە خۆشەویستەکەم بێنم؟ تۆ بڵێی جارێکی دی چایەکی دی بەدەستی ئەو بخۆمەوە؟ (بیری لەمە دەکردەوە و لەو کوپە چایە ڕادەما کە لە کاتی پشوو لە فرۆکەخانە داوای کردبوو)، بە بیر و خەیاڵێکی پەرشوبڵاوەوە لە چایەکەی دەڕوانی، جەستەی لێرە بوو، بەڵام دڵی لەوێ، لە دوای خۆی لە بەغدا جێیهێشتبوو.

بە سەرسوڕمانەوە پرسی: خودایە من چی دەکەم؟! ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئەگەر ڕاستە بۆ ئەوەندە هەست بە دڵتەنگی دەکەم؟ بۆچی دە ڕۆژە و لەوەتەی ئەوێم جێهێشتووە، گەرووم تاڵ بووە و تاڵاییەکەی ناڕوا؟ بۆچی و بۆچی و بۆچی؟!

ورده ورده هەندێ دیمەنی بیرکەوتەوە..

دەنگی باوکی هاتەوە گوێ: کوڕم دەبێ بڕۆی، چیتر جێت لێرە نەماوە، نەتدیت چۆن ئامۆزا پزیشکەکەتیان بەبێ هۆ کوشت؟! پێویستە بەزووترین کات بەغدا جێبهێڵی... سوپاس بۆ خوا من و مامت دەرفەتێکی زێڕینمان بۆ هەموو تەمەنت ڕەخساندووە، بە ڕێز و حورمەتەوە سەفەر دەکەی، لەوێ خانوو و خێزانیشت دەبێ، ژیانێکی ئاسوودە، لە وڵاتێکی هێمن و جوان بەسەر دەبەی.

پاشان قسەی مامەکەی بیرکەوتەوە کە بە تەلەفۆن پێی گوت: جەلال.. کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە، شوێنی تۆ ئەوێ نییە، وەرە لای من و هەموو ئەو شتانە دەبینی کە هیوایان بۆ دەخوازی، لەوانەیە زۆر شت لەبارەی ئەمستردام نەزانی، بەڵام هەر کە گەیشتییە ئەمستردام یەکسەر خۆشتدەوێ، ئەوان هەمیشە بە خۆشەویستییەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی غەریبدا ناکەن، بەڵام بەڵێنت پێدەدەم کە هەست بە غەریبی ناکەی، کە گەیشتی، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە خۆت وەکو کەسێکی هۆڵەندی دەبینی و وەکو هاووڵاتییەکی پلە (یەک)ی هۆڵەندی دەجووڵێیەوە، ماڵێکی گونجاوم بۆ ئامادە کردووی، بەشێوەیەکی کاتی لەلای من لە کارگەی ئاسن کار دەکەی، تا ئەوکاتەی لە ڕۆژنامەیەک کارت بۆ دەدۆزمەوە، تۆ زانکۆی بەغدات تەواو نەکردووە؟ لە هەندێ شوێنیش وەکو هەواڵساز و ڕۆژنامەنووس کارت نەکردووە؟ لێرە دەرفەتی کاری خۆت دەبینییەوە، هەناسەی ئازادی هەڵدەمژی و تامی ئازادی دەچێژی، چیت دەوێ بیڵێ و بنووسە، کەس هیچت پێ ناڵێ.

ئینجا دەنگی دایکە بەسۆزەکەی بەقووڵی خزایە ناخی: دڵەکەم.. تۆ تاقە کوڕی منی لەم دنیایە، پاش ئارامییەکی زۆر و دوای چوار کچ خودا تۆی پێدام، دوورکەوتنەوەت بۆ من زۆر زەحمەتە کوڕە خۆشەویستەکەم، دەزانم کە چەند جاری بچمە ژوورەکەتەوە و بۆنی جلکەکانت بکەم زۆر دەگریم، بەڵام جەلال ژیان لێرە بۆ تۆ نەماوە، خوانەخواستە لێرە شتێکت بەسەر بێ، من دوای تۆ دەمرم، بەگوێی من بکە سەفەر بکە بۆ لای مامت و کچەکەی بخوازە.. ئەگەر دایکی خۆت خۆشدەوێ، ئەوە بکە کە پێتدەڵێم.

پاشان دەنگی خوشکی گەورەی، واتا دەنگی دایکی ئەحمەد لەگوێیدا دەزرنگێتەوە: جەلال.. دەزانم تۆ ناتەوێ سەفەر بکەی، ناتەوێ لە دووری ئێمە و لە دووریی بەغدا بژی، بەڵام پێویستە بەرگەی ئەو سەفەرە بگری، چەندیشت پێ زەحمەت بێ دەبێ بەرگە بگری، ئێمەش لەدووریی تۆ بەرگە دەگرین، برای خۆشەویستم سەفەر بکە و هاوسەرگیری بکە و بەئارامی بژی، لەبیر مەکە کە ئێستا تەمەنت سیوپێنج ساڵە، کەی ژن دێنی؟ دایک و باوکم کەی منداڵەکانی تۆ دەبینن؟ بەسە.. چیتر لە خەون و خەیاڵدا مەژی.. گوێ لە من بگرە و سەفەر بکە، ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە، خۆت لەو دۆزەخە ڕزگار کە کە لە هەموو شوێنێکەوە چواردەورمانی گرتووە.. سەفەر بکە.

دوای ئەویش دەنگی خوشکە بچووکەکەی دێتە گوێ، ئەو خوشکەی کە لە هەموویان زیاتر لەو نزیکە: نازانم دوای ئەوەی تۆ ئەم ماڵە بەجێدێڵی ژیانم چۆن دەبێ، خۆزگە دەمتوانی قەدەرەکە بگۆڕم، خۆزگە..! چەند حەزدەکەم لەگەڵ تۆ سەفەرم کردبا.. تکایە لەبەردەمی من مەگری، بەرگەی بینینی فرمێسکەکانت ناگرم، تۆ تەنیا برام نیت، تۆ برا و برادەر و هەموو شتێکی منی، جەلال تۆ پێشڕەو و پێشەنگی منی، لەم ماڵە جگە لە تۆ کەس لە من تێناگا، هەمیشە وام تەماشا دەکەن کە منداڵم، بەڵام تۆ وەکو کەسێکی پێگەیشتوو و گەورە لەگەڵ من دەجووڵێیەوە..

ئینجا دەنگی فیراسی هاوڕێی: شێت مەبە جەلال! پێم مەڵێ بەهۆی (نوور)ەوە من ئەم دەرفەتە زێڕینەی ژیان لەدەست دەدەم، تۆ تەواو لەهۆش خۆتی؟! نەکەی ئەو قسەیەی لای من کردت لای بابت یان مامت بیکەی، ئەگەر وابکەی هەموو ئەو پڕۆژەیە هەڵدەوەشێننەوە کە بۆیان سازکردووی، لێتی تێکدەدەن.. بەو جۆرە تەماشام مەکە و جارێکی دی ناوی نوور لای من نەهێنی.. دەزانم نوور خۆشەویستی ژیانتە، پێویست ناکا بیرمخەیتەوە، چیرۆکی خۆشەویستی تۆ دەزانم و کەس نییە نەیزانێ، لە زانکۆ هەموومان بینیمان ئێوە ئەفسانەی خۆشەویستییەکی گەورە بوون، لەوانەشە هەمووان حەسوودیان بە خۆشەویستی و تێگەیشتنی ئێوە لە یەکتر بردبێ، بەڵام ئەم سەردەمە سەردەمی خەونی پەمەیی نییە، جەلال با یەک سات بێدەنگ بین بزانە چۆن گوێمان لە دەنگی گوللە دەبێ! ئەم ڕۆژنامەیە بکەوە کوژرانی فلان و دۆزینەوەی تەرمی بێناسنامە و ڕفاندنی فلان، تەقینەوە لە...!، هەمووی خوێن و کوشتن و توندوتیژییە، لە دنیایەکی وا تاریکدا چۆن خەونە پەمەییەکانت لەگەڵ نوور دەهێنییە دی؟! ئەگەر بەڕاستی تۆی خۆشبوێ، دەبێ قوربانیی لەپێناوی تۆ بدات و پێت بڵێ بڕۆ و هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کەسە بکە کە باوکت بۆی هەڵبژاردووی، بڕۆ لەگەڵ ئەو دڵخۆش و ئاسوودە بە.

پاشان دەنگی موهەنەدی هاوڕێی: تۆ گەنجێکی چەند بەبەختی جەلال.. هەمیشە تۆ لە هەموومان باشتری، دەرفەتی ژیانت لەبەردەمە، کۆچ بۆ هۆڵەندا..! پارەکەشت دراوە و هاوسەرگیریش لەگەڵ کچێکی گەنجی هەژدە ساڵان دەکەی، ڕاستە جارێک پێت گوتم هاوسەری مامت هۆڵەندییە، وا نییە؟ کەواتە تۆ هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی جوانی ئەورووپی دەکەی هەی پیاو!

دیسان دەنگی مامی هاتەوە بەرگوێی: تۆ بە هەمان ئەو ڕێگەیەدا دەڕۆی کە من لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو پێیدا ڕۆیشتم، یەک جیاوازیت لەگەڵ من هەیە، ئەویش ئەوەیە کە من زۆر ماندوو بووم و زۆر ئازارم کێشا تا جوولیانم ناسی و هاوسەرگیریم لەگەڵی کرد و بە ماوەیەکی کەم و لە ماوەی چەند مانگێکی کەم ژیانمان جێگیر بوو، چونکە ئەو خۆی هۆڵەندی بوو، هەمان ئەم شتە بە کاتێکی کەمتر و ماندووبوونی کەمتر بۆ تۆ دووبارە دەبێتەوە، کچە مامە هۆڵەندییەکەت دەخوازی، جەلال چاوەڕێ ناکەم تۆ سوپاسم بکەی، تەنیا دەمەوێ تاقە کچەکەم بپارێزی، لە کچەکەم دەترسم کە لەناو کۆمەڵگای کراوەی ئەورووپیدایە، نامەوێ تووشی هەڵە بێت، یان کێشەمان بۆ دروست بکا، هەرچەندە من چەند دەیەیەکە لە هۆڵەندا دەژیم، بەڵام هەر بە کەسێکی عێراقیی ڕۆژهەڵاتیی موسوڵمان دەمێنمەوە و لە ناوبانگی خۆم و کچەکەم و شەرەفی خۆم دەترسم.

پاشان دەنگی خوشکە ناوەندییەکەی هات: دەزانم بۆ تووڕەی... وێنەکانی ساراش قەت سەرنجت ڕاناکێشن، وا نییە؟ ئەو منداڵە، یان پێتوایە منداڵە؟!.. جەلال ئەو کچە تەمەنی هەژدە ساڵە، ڕاستە تەمەنی تۆ نزیکەی دوو ئەوەندەی وییە، بەڵام ئەوە هیچ نەنگییەکی تێدا نییە، تۆ کەسێکی زیرەکی و دەزانی چۆن وای لێ دەکەی سروشتی تۆ قبووڵ بکات، ڕاستە پەروەردەکەی ئەورووپییە و ڕووبەڕووی هەندێ کێشە دەبیەوە، بەڵام وەکو پەندە عێراقییەکە دەڵێ: "بیکە منداڵێک و لەسەر دەستی خۆت پەروەردەی بکە".

خەریکبوو دیمەن و دەنگەدەنگی دەوروبەری دەیانتاساند و دڵی تێکەڵدەهات، دەستی لە کوپە چایەکەی دا کە ئێستا ساردببووەوە و ئیتر ئارەزووی نەمابوو بیخواتەوە، ئایا داوای چایەکی دی بکات؟ نا نا... خولقی ئەوەی نەمابوو هیچ شتێک بخواتەوە.

بیری ئەوەی بۆ هات جگەرەیەک بکێشێ، پاکەتی جگەرەکە لەناو بەرکی چاکەتەکەیدایە، ئەمە یەکەم خەمی تەنیایی و غوربەتیەتی، تا لە بەغدا دەرنەچوو، نەیدەزانی جگەرەکێشان چییە! دەستی بردە بەرکی پاکەتەکەی دەرهێنا و لەگەڵیشیدا جانتای پارەکەی دەرهێنا.. کە وێنەی ناو جزدانەکەی دیت، هەست و سۆزی جووڵا، وێنەی نوور، خۆشەویستی دڵ، ئەو کچە عاشقەی کە دڵی ئەوی فێری خۆشەویستی کرد، پێش دوو ساڵ ئەم وێنەیەی بەدیاری پێدا، لەوکاتەوە ڕۆژێک لەناو جزدانی پارەکەی دووری نەخستووەتەوە، هەمیشەش لە بەرکی چەپی کراسەکەی، واتا لەسەر دڵی دایدەنا، سەرەڕای ئەوەی ئێستا دڵی پڕ خەم و پەژارە بوو، بەڵام هەر کە پەنجەی بەر وێنەکە کەوت و چاوی کەوتە سەری، زەردەخەنەیەکی کەوتە سەرلێو، سیما و زەردەخەنە و پێکەنینەکانی هاتنەوە بیر، لە خۆی پرسی: دەبێ ئێستا حاڵت چۆن بێ؟! دوای سەفەری من چیت بەسەر هاتووە؟! چەند حەزم لێیە گوێم لە دەنگت بێ، خۆزگە ئەگەر تەنیا بۆ یەکجاری دیش بێ، گوێم لە پێکەنینەکەت دەبێ! بەڵام چۆن؟! چۆن؟! دوای ئەو گفتوگۆیەی کۆتا جار کردمان چۆن؟!

پاشان ئەوەی بیرکەوتەوە کە چۆن بەدەنگی بەرز بەسەر نووریدا هاواری کرد:

– تکایە شتێکم پێ بڵێ، بەم بێدەنگییە خۆتم لێ مەشارەوە، بێدەنگیی تۆ دەمکوژێ.. شتێکم پێ بڵێ، پێم بڵێ ترسنۆک، پێم بڵێ ناپاک، یان هەر شتێکی دی، بەڵام بەم شێوەیە تەماشام مەکە، چونکە دڵم تێکهەڵدێ، تکایە قسە بکە، لێت دەپاڕێمەوە شتێک بڵێ..

پاشان نوور هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە دوو چاوی پڕ فرمێسک و دەنگێکی لەرزۆکەوە:

– دەتەوێ گوێت لە چی بێ جەلال؟! پێشبینی دەکەی گوێت لە چی بێ؟! ساڵانێک خۆشمویستی و خەونم لەگەڵت دیت و پێکەوە نەخشەی دواڕۆژ، ماڵ، ژیان و منداڵمان دانا، ئێستاش دێی پێم دەڵێی سەفەر دەکەم و کچە مامە ئەورووپییەکەم دەخوازم، پێتوایە من کارەکە چۆن قبووڵ دەکەم؟! بە هەڵهەلە؟! بە چەپڵەلێدان؟! کەواتە ئەوە چەپڵە بۆ تۆ (بەشێوەیەکی شێتانە چەپڵەی لێدا)... پیرۆزە مامۆستا.. پیرۆزە، نەمزانیبوو، من و خۆشەویستییەکەم نرخمان لە تەرازووی تۆدا سفرە، بەو هەموو سادەییەوە دێی ئەو هەواڵەم پێدەدەی؟! خۆزگە دەمردی... دەمردی و ئەم قسەیەم لە تۆ نەدەبیست، یان بەلایەنی کەمەوە من مردبام و وێنەیەکی جوانی تۆم لە خەیاڵدابوو، وێنەی ئەو خۆشەویستی و عیشق و خەونانەی چەند ساڵەم دەپاراست کە بۆ یەکترمان هەبوو، بەڵام ئێستا... ئێستا هەموو ئاواتێکم ئەوەیە خوا ڕەحمم پێ بکات و بەخێرایی بۆ خۆیم بباتەوە.. مردن زۆر لەوە خۆشترە، لەو ژیانە پڕ ئازارەی چاوەڕێم دەکا (بە کوڵ گریا و بەربووەوە سەر ئەو کورسییەی کە لە پشتی بوو).. جەلال لێی نزیکبووەوە دەستی لێ بدات، بەڵام نوور هاواری کرد: بڕۆ دەرەوە.. نامەوێ بتبینم و لەمڕۆوە نامەوێ هیچ شتێکت لەبارەوە بزانم.

دیمەنەکە بەهۆی ئەو دەنگەدەنگەوە پچڕا کە لە هەموو لایەکەوە دەهات: پێویستە سەرنشینانی ئەو فرۆکەیەی بەرەو دوبەی دەڕوات... بچن بەرەو...

بەزەحمەت لە شوێنی خۆی قیت بووەوە، پێستە سپییەکەی سوور هەڵگەڕا، دەتگوت خوێنی هەموو لاشەی لە دەموچاویدا کۆبووەتەوە. هەردوو چاوی سوور ببوونەوە و پڕ ببوون لە فرمێسک، کیفی پارەکەی خستەوە گیرفانی، چاکەتەکەی توند کرد، عەرەبانەی جانتاکەی هەڵگرت و بە زەحمەت بەرەو شوێنی مەبەست ڕۆیشت... دڵێکی برینداری تێکشکاو، لە ناخەوە دەیپرسی: تۆ بڵێی دواڕۆژ خەونێکی هۆڵەندی بێت یان کابووس؟!




**ئیمان ئەکرەم بەیاتی: چیرۆکنووسێکی گەنجی عێراقییە، دانیشتووی ئوسترالیایە، چیرۆک و چیرۆکی زۆر کورت و وتاری ئەدەبی و ڕەخنەی هونەری دەنووسێت.**

**سەرچاوە:**
**http://www.syrianstory.com/i.bayatty.htm**